دەستگیرکردنی سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەر لەهەولێر

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکانی هەرێم ئەمڕۆ دوشەممە رایگەیاند، هێزەکانیان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەر لەهەولێر، سێ بازرگانی ماددەی هۆشبەریان دەستگیرکرد و دەستیشیان بەسەر بڕی زیاتر لە 100 کیلۆگرام حەبی کپتاگۆندا گرت.

بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەکان لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، لەبەردەوامی هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەبەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان، ڕۆژی 20ی ئەم مانگە دوای کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچونی بەردەوام و پاش وەرگرتنی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش، توانرا بازرگانێکی نێودەوڵەتی ماددەی هۆشبەرەکان لەشاری هەولێر دەستگیربکرێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە و گۆڕینەوەی زانیاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی ماددەی هۆشبەرەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، توانرا لەپارێزگای زیقار دو بازرگانی دیکەی دەستگیربکرێن، دەستیش بەسەر بڕی 100 کیلۆگرام حەبی هۆشبەری کەپتاگۆن

گیرا .